هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٨١) لە ٢٠٢٠/١٠/٢٨

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤٣) لە ٢٠٢٠/١٠/٢٨، و لەسەر پێشنیاری بەڕێز وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، بڕیاردرا بە:

١. پەسەندکردنی (پەیڕەوی ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی لە هەرێمی کوردستان-عێراق) بە ڕەچاوکردنی ئەو سەرنج و تێبینیانەی لە کۆبوونەوەی ئاماژەپێدراوی ئەنجومەنی وەزیران خرانەڕوو.

٢. ڕاسپاردنی بەڕێز وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ داڕشتنەوەی (پرۆژە پەیڕەوی دیاریکردنی ماف و ئیمتیازاتی میراتگرانی شەهیدان لە هەرێمی کوردستان-عێراق) بە هەماهەنگی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی وەزیران و سکرتاریەتی ئەنجومەن و سکرتاریەتی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی بە ڕەچاوکردنی سەرجەم ئەو سەرنج و تێبینیانەی لە کۆبوونەوەی ئاماژەپێدراوی ئەنجومەنی وەزیران خرانەڕوو تاوەکو لە کۆبوونەوەکانی داهاتووی ئەنجومەنی وەزیران بۆ بڕیاردانی کۆتایی بخرێتەڕوو.

٣. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران